# فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان .. شوکر باشی؟

عومەر سەیدە ـ کەرکوک

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ برادەرێکی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووساندا رۆژی 2006/5/17 پێی ووتم:"لەسەر بڕیاری کاک فەرهاد عەونی دەبێ داوای لێبوردن بنووسن, بەرامبەر دەرکردنی بەیاننامەی ناڕەزایی, گەر نا ئەرزەکانتان راگیراوە", ئەمە رێك لەو کاتەدا بوو کە من شەوی پێشووتر لە بەرنامەیەکی راستەوخۆی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی(زاگرۆس) لە کەرکوك, نەك هەر ئەرزەی سەندیکا .. بەڵکو ناسنامەی سەندیکاشم رەتکردەوە, هەر وەکو لەوێدا ووتم:"چونکە من پێم قبوڵ نیە بەشداری ئەو ناهەقییە بکەم کە لە شاری کەرکوك دەکرێت", ئیدی لەژێر هەر ناوێکدا قبوڵم نیە.

کاك فەرهاد عەونی نەقیبی سەندکای رۆژنامەنووسانی کوردستان .. شوکر باشی ؟ !!, من ئەو کاتە هیچ ئومێدێکم بە سەندیکاکەی بەرێزتان نەما, کە ئێوە لە کۆنفرانسی پێکهێنانی لقی کەرکوکدا پێتان وابوو:"رۆژنامەنووسی سەربەخۆ نیە"و دەبێ هەموو مولکی حیزب بن, نا ئەزیزم تۆو هەموو بەڕێزەکانی دیکەی نێو سەندیکای رۆژنامەنووسان گەر خۆتانو پێنووسو عەقڵو بیرکردنەوەو ویژدانو ئاکاریشتان بفرۆشن بە حیزب بەرامبەر بە ئافەرینێك, ئەوە منو زۆرێکی دیکەی وەکو من لە کەرکوکەوە ئەوە رەت دەکەینەوەو قبوڵی ناکەین بمانفرۆشن بە حیزب, جا چ حیزبێك؟!! حیزبێك کە جاشو باشو نووسەرو کۆنەبەعسی بەیەك چاو تەماشا بکات.

من بۆ مێژوو پێتان دەڵێم: ئێوە لەوە کەمترن کە سەری خۆمانتان پێوە بئێشێنین, ئیدی جەنابی فەرهاد عەونیو کۆلکە رۆژنامەنووسەکانی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسان, چاك بزانن .. نووسەر ئەو کەسەیە کە ویژدانی نافرۆشێ بە پارچەیەك ئەرزەی تەجاوز, عەقڵی ناگۆڕێتەوە بە مشتێ پارەی دراوی بەناو موچەی حیزب, ئاکاری ناگۆڕێتەوە بە دەستخۆشییەکی حیزب کە لە نائاکارییەکانی دەکەن.

ئیدی وا مەزانن وەکو هەموو بەرپرسی نێو دەزگاو بەناو رۆژنامەنووسەکانی کەرکوك, ئێمەش لاوازو کەم ئیرادەبین, نا نەخێر ئێمە خۆمان هەموو شتێکمان بۆ خۆمان کردووە, حیزب نەیتوانیوەو ناتوانێ هیچمان بۆ بکات, نەیتوانیوەو ناتوانێ هیچمان لێوەرگرێتەوە کە بۆ خۆمانمان بەدەست هێناوە, بەڵام ئێوە تا دەمرن لەژێر فەرمانو چاوسوورکردنەوەی حیزبدا دەبێ زەندەقچووبن.

بە هەموو خەیاڵێکی فەرهاد عەونی, ئێمە .. ئەو کەسانەی ئیمزامان لەسەر بەیاننامەی دژ بە سەندیکا کردوە, بەو هەڕەشە ساردەی ئەوان سارد دەبینەوە کە ئەمری کردوە بە لقی کەرکوکو نەخوێندەوارەکانی نێو لقی کەرکوك, کە بە ئێمە بڵێن:"گەر داوای لێبوردن نەنووسن لە رۆژنامەکان ئەوە ئەرزەکەیان رادەگرین".

ترحێو جەنابی نەقیب .. تۆ دیارە ناخوێنێتەوە ئەگەر نا لە مێژە ئێمەی خاوەن قەڵەمو هەڵوێست بڕیارمانداوە .. ئەرزە نە لە ئێوەو نە لە هیچ کەسێك قبوڵ ناکەین کە بیەوێ ناوو ناوبانگمان بزڕێنیو لەگەڵ کۆنەبەعسیو جاش قەڵەمەکانو پیاوە نەخۆشەکانو پۆلیسو لێخوڕی ئوتۆمبێلو چایچیو خزمی برادەرانی لقی کەرکوکی

سەندیکادا .. ئەرزەمان بدەنێ .. نا بەڕێزی دونیا دیدە .. کە هەر جارەی بۆ ولاتێك دەڕۆیتو هیچ عیلمێك لە بارەی رۆژنامەوانیەوە ناهێنیتەوە لەگەڵ خۆت, جگە لە تۆخکردنەوەی رەنگی حیزبایەتی لەنێو سەندیکادا, دەبێ بزانی کە رەنگی حزبیی بوون زۆر کاڵبووەتەوە, ئیدی ئەو کەللەیە فڕێدراوە کە ئێوە رابەرایەتی بەناو رۆژنامەنووسانی کوردستانی پێدەکەن.

ئێوە زۆر لەوە کەمترن بتوانن بە ئارەزووی خۆتان قەڵەممان پێبخەنە سەر پەڕەو نووسینمان پێبکەن, نا ئێوە دەبێ هەوڵدەن خۆتان فێری نووسین بکەن, فێربن رۆژنامەوانی پیشەی گەڕانە لە دووی سەرئێشە, نەك وەکو ئەو برادەرانەی ئێوە لە لقی کەرکوك, هەموویان بە پلەی حیزبییەوە بەبێ شەرمکردن هاتوونەو خەریکن خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵکەوە.

عومەر سەیدە ـ کەرکوك